www.kurdistannet.org
12/02/2002 22:57

# جیهان لە هەزارەی سێیەمدا بەرەو کوێ؟

کیهان عەزیز

لەسەرەتای سەدەی بیستدا بریتانیا تاکە زلهێزی جیهانی سەرمایەداری بوو، وێراهاوکات چەند ڕەقیبێکی تری لە ئەوروپادا هەبوو. وەلیٚ بە بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆدا، جیهانی ئەو سەردەمەجێگیر ترو ئارامتر بوو.

ئەو هێزانەی‌لەسەدەی بیستدا دەسەلاٚتیان گرتە دەست تا سالیٚ(١٩٠٠) یش نفوزو بونێکی بەرچاویان نەبوو. مارکسیزم وەك بزووتنەوەیەکی سیاسی، ڕەوتێکی لاوازو لەپەراوێزدا بوو. لینین تەمەنی سی ساڵ بوو کە لەزیندانی سیبریا ئازاد کراو بەرەو هەندەران کۆچی کرد. هیتلەر١١ساڵ تەمەنی بوو. مۆسۆلینیش ١٧ساڵبوو. . فاشیزم و نازیەت لەگۆڕێدا نەبوون. شێوەئارامیەك باڵی بەسەر جیهاندا کێشابوو کە پێشبینی نەدەکرا پاش ١٤ سالاٚن جیهان و ئاسایش دووچاری جەنگێکی سەراپاگیر بێت و شارستانیەتی ڕۆژئاوایش بخاتە لەرینەوەیەکی توندو ترسناکەوە.

زلهێزە ئەوروپایی‌یەکانی ئەو سەردەمە زۆربەی ئاسیاو ئەفریقایان خسبووە ژێر کۆنترۆلی خۆیانەوە. ئەمریکا خەریکی دروست کردنی ئیمپراتۆریەتی خۆی بوو لەسەر کەلاك و نفوزی ئیسپانیا لەکارائیب و ڕۆژهەلاٚتی دووردا. ژاپۆنیش لەپاش تێکشکاندنی هێزە دەریایی‌یەکانی ڕوسیا لە پۆرت ئارتۆر لەساڵی ١٩٠٤دا وەك زلهێزێك لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئەو سەردەمەدا دەرکەوتبوو. ڕودانی جەنگی جیهانی لەچاوەڕوانی ڕووداوو ئاڵوگۆڕی لەناکاو کتو پڕدا بوو. ڕوودانی جەنگی جیهانی یەکەم( ١٩١٤ –١٩١٨) هەموو خۆش خەیالیەکانی لەبارەی جیهانی ژێر دەسەلاٚتی سەرمایەداری‌کە دەتوانێت جیهانێکی دوور لە ئاژاوە بێت، هەرەس پێهێناو ئەو ڕووداوە زەمینەی بۆ گۆڕانکاری سیاسی. ئابووری و کۆمەلاٚیەتی گەورەتر خۆش کرد" ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ ڕوسیە، لێدانی مارشی مۆسۆلینی بۆ ڕۆماله ١٩٢٢دا، تێك شکان و دارِمانی بورسی وال ستریت لە ١٩٢٩دا، هاتنە سەرکاری هیتلەر ١٩٣٣، داگیرکردنی چەند بەشێك لەخاکی چین لەلایەن ژاپۆنەوەو یەکگرتنی سون یاتسن لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی چین و سۆڤیەتدا لە ١٩٢٤، ڕێکەوتنی ئاشتی برێست لیتۆنسك لەساڵی ١٩١٨ دا. . تاد، ئەوانە چەند ڕووداوێکی مەزن و مێژوویی دیکە بوون کەزەمینەیان بۆ جەنگی جیهانی دووەم و دەست پێکردنی جەنگی سارد خۆش کرد. پاش کۆتایهاتنی جەنگ و دەرکەوتنی سۆڤیەت و ئەمریکا وەك دوو زلهێز و دیاریکەرانی سیاسەتی جیهانی، زۆربەی نووسەران و پسپۆرانی سیاسی قسەیان لە نەگۆڕ بوونی سیستمی جیهانی دوو جەمسەری و بەردەوام بوونی جەنگی سارد دەکرد، وەلیٚ ئاوەدان کردنەوەو بیناسازی ئەوروپا لەلایەن ئەمریکا( پرۆژەی مارچال )وە، هاوکات بەردەوامبوونی ململانیٚ و پێشبڕکیٚی چەکە ستراتیژی و فچا یی‌یەکانی نێوان سۆڤیەت و ئەمریکا، پاشان دەست پێکردنی شۆڕشی تەکنۆلۆژیای زانیاری و بەکار بردنی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی وولاٚتانی ڕۆژئاوادا، زەمینەیان بۆ ڕووداو ئاڵوگۆڕی سیاسی، ئابووری و سەربازی زۆر گەورەتر خۆش کرد لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی بیستەمدا" ڕوخاندنی دیواری بەرلین و پێکهاتنی ئەڵمانیایەکی گەورەتر لە ئەوروپا دا، هەڵوەشاندنەوەی ولاٚتی سۆڤیەت و کامپی بەناو سۆسیالیستی‌یەکەی لە ئەوروپای ڕۆژهەلاٚتدا، دەست پێکردنی جەنگ لەکەنداو باڵکاندا، زیندوو بوونەوەو دەرکەوتنی چەندین کێشەی ناوخۆیی ودەرەکی لەسەرانسەری دنیادا کە بەهۆی جەنگی ساردەوە پەردەپۆش کرابوون، سەربەرزکردنەوەی ڕەقیبە نویٚ‌یەکان بەرانبەر بە سیاسەتی میلیتارستی ئەمریکاو ملهوڕیەکانی ئەو لەدنیادا. . . سەرجەمی ئەو ڕووداوانەی سەدەی ڕابووردوو هەڵە بوونی تیێڕوانین، شی کردنەوەو پێشبینی‌یەکانی بیریاران و تیۆریسێنانی ڕاست و چەپی ئاشکرا کرد لەمەڕ نەگۆڕبوونی سیستمی جیهانی پێش و پاش جەنگی سارد". چل ساڵ بەر لەئێستا دانیێل بێڵ ڕایگەیاند کە: ( سیستمی ئایدۆلۆژی) کۆتایی پێهاتووە، سامۆئێل هانتینگتۆنیش لە دەیەی نەوەدی سەدەی ڕابردودا ووتی : " کێشەی بنەڕەتی جیهان لە

ئایندەدا نە ئایدۆلۆژیەو نە ئابووری‌یە، بەڵکو جەنگی ئایندە جەنگی شارستانیەتە جیاوازەکانە" ئەنتۆنیۆ وانیەر لەساڵی ١٩٦٠ لەپەڕتوکی ساڵی(٢٠٠٠)کەی‌دا نەگۆڕ بوونی سیستەمی دنیای دوو جەمسەری و جەنگی ساردی بەشتێکی نەگۆڕو مسۆگەر کراو پێشبینی کرد. فرانسیس فۆکۆیامایش ١٠ساڵ بەر لەئێستا کۆتایی مێژوی ڕاگەیاندو دەسەلاّتی ئەمریکای بەسەر جیهاندا بەنەگۆڕ ڕاڤەکرد. ئالڤین تۆفلەریش پێچەوانەکەی ڕاگەیاندو ووتی " ئیمە لەسەرەتای مێژوداین و جەنگی داهاتوو جەنگی شەپۆلە جیاوازەکان دەبێت لە جیهاندا"، ئێستا کە لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەمداین وچووینەتە هەزارەی سێیەمەوە، خەریکە تێزی بە " جیهانی کردن-گلۆبالیزم " لەڕەوەندێکی بابەتی بەردەوامەوە دەکرێتە ئایدۆلۆژیەك، یاخود تیۆریەك بۆ شەرعیەتبەخشین بە سیاسەتی داگیر کردن، وێران کردن و هەژارتر کردنی وولاّتانی دواکەوتوو وابەستە بە ئیمپریالیزم.

گلۆبالیزاسیۆن پرۆسەیەکە لەگەڵ سەرهەڵدانی سەرمایەداری دەستی پێکردووە کە تا ئەمڕۆیش درێژەی هەیە، بەلاّم بەخێرایی‌یەکی هەرچی زیاترەوە. گلۆبالیزاسیۆن لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەوەندێکی بابەتی بەردەوام بووە، لە هەمان کاتدا ئەم ڕەوەندە هەڵگری ناکۆکی بووە لە درێژایی خۆیداو ئەو ناکۆکیەش لەهەزارەی سێیەمدا لەسەر چەند ئاستی دیاریکراودا خۆی دەردەخات کە بەڕای ئێمە بەم شێوەیە:

١/ کۆتایی جەنگی سارد، ئەو مەترسی‌یە جیۆپۆلیتیکەی بۆ سەرمایەگوزاری لە وولاّتانی ناسراو بە جیهانی سێیەمدا، کە مەیدانێکی گرنگی ململانێ و تێك هەڵچونی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا بوو، کەم کردۆتەوە. هێزە ئیمپریالیەکان و لەسەروی ئەوانەوە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بەدەستێکی ئاواڵەترەوە دەست لەکاروباری جیهانی‌یەوە وەردەدات و لەهەوڵی ئەوەدا بووەو دەبێت کە بۆ چەسپاندنی ستراتیژی خۆی ئیمکاناتێکی زیاتر بەدەست بهێنێت. مۆدێلی ئابووری- سیاسی بازاڕی ئازادو دیموکراتی لەژێر ڕابەری ئەمریکادا ڕەوەندێکی جیهانی پێدراوەو لەهەزارەی نوێدا تەنها ڕێگایەك و ئالۆگۆڕیەك دەبێت بۆ کەڵەکەی سەرمایە لەئاستی جیهاندا.

٢/ بەدوای هەڵوەشاندنەوەی کەمپی ڕۆژهەلاّتدا، زەمینەیەکی لەبارو گونجاوتر فەراهەم بووە بۆ جم و جوڵی ئازادانەی سەرمایە لەدنیادا و ئەمەش بەو مانایەیە کە پرۆسەی ( بەجیهان کردنی) خێراتر بووەو سەرمایە و کومپانیا چەند ڕەگەزی‌یەکان ئاسان تر لێك هەڵدەپێکرێن و وولاّتانی وابەستە بە ئیمپریالیزمیش لەلایەن ئۆرگانە مالی‌یە نێو دەوڵەتیەکانی وەك( بانکی جیهانی) و( صندوقی نێونەتەوەیی دراو) ەوە بەڕێوە دەبرێن، نەك لەلایەن بۆرژوازی وابەستەی فەرمانڕەواوە.

٣/ هەرچەندە ئەمریکا دینامیزمێکی سەرەکی بوو بۆ چەسپاندنی مۆدێلی ئابوری بازاڕی ئازاد لەئاستی نیونەتەوەیی‌دا، بەلاّم جێگاو ڕێگای ئەمریکا لە ئایندەیەکی(نەك زۆر دووردا) گۆڕانی بەسەردا دێت و حەریفە ئابوری، سیاسی و سەربازی‌یەکانی لە ئاستی جیهاندا سەربەرز دەکەنەوەو ناکۆکی نێوان زلهێزە ئیمپریالیەکان لەسەر دابەشکردنەوەی جیهان بەشێوەیەکی توندو تیژ سەرهەڵدات، کە ئەو ناکۆکیەش خودی مۆدێلی (ئابووری بازاڕ)و ڕەوەندی( لیبرالیزاسیۆن) لەئاستی نیونەوتەوەیی دا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

٤/ بەجیهانی کردنی ئەو ڕەوەندەیە کە هاوکاتی خۆی هەژارتر کردنی وولاّتانی وابەستەی بەدوادا دێت، ئەمە سەرەڕای پەرەگرتنی هەرچی زیاتری بێکاری لەوولاّتانی ئیمپریالیستی دا، کە چارەسەری ئەو دوو گرفتە لەژێر سایەی شۆڕشی تەکنۆلۆجیای زانیاری و کەڵەکەی سەرمایەدا نەك هەر ئیمکانی نی‌یە، بەڵکو ئەو دوو گرفتە ئالۆزتر دەکات و ئاشکرایش نی‌یە کە ئایا لینین و شۆڕشێکی تر، یان مۆسۆلینی و هیتلەرێکی تر لە هەزارەی سێیەمدا خۆیان دووبارە دەکەنەوە یان نا؟.

...